# (ئیبراهیم) چۆن ژنەکەی کوشت؟



ئا: خەندە گۆران



گوڵان
ژمارە (٧٣٩)
٢٠٠٩/٦/٢٩



ڕووداوو بەسەرهاتەکانی ژیان هێندە زۆر و جیاوازن مرۆڤ بە بیستنی هەندێکیان تووشی سەرسام و شۆك دەبێت، هەندێ جار مرۆڤەکان کاری وا نابەجێ دەکەن کە دوورە لە هەموو یاسا و ریسا و بەهایەکی مرۆڤایەتی، هەر بۆیە دەکەونە بەر نەفرەتی خاو و خەڵك، وەك ئەم ڕووداوەی کە ماوەیەك پێش ئێستا لە یەکێك لە گوندەکانی دەوروبەری شاری هەولێر ڕوویداوە، دەبا بزانین ئەو پیاوە چۆن و لەبەرچی ئەو تاوانەی کردووە؟

دە ساڵ پێش ئێستا (ئامینە و ئەحمەد) هەروەکو زۆر لە کوڕ و کچانی گوند لە ئاهەنگێکی قەشەنگی گەورەی

کـــوردەواری ژیانـــی هاوســـەرگیری پێــك دەهێنن و دەچنە نێــو ئەم ژیانە نوێیـــەوە، ســـەرەتا ژیانێکی خۆش و بەختـــەوەر دەگوزەرێنـــن، (ئەحمەد) کوڕێکی کاسبە و لە گوندەکەی خۆی خەریکی کاری کشـــتوکاڵی بوو، واتە بەهێز و بازووی خۆی نانی خێزانەکەی پەیدادەکرد و هـــەردەم هەوڵی دەدا کە خۆش گوزەرانی بۆ خێزانەکەی دابین بـــکات، بۆیە شـــەو رۆژی دەخســـتە ســـەریەك ، بەڵام پاش دوو ســـاڵ لە ژیانێکی هاوسەرگیری هێمن(ئامینە) پەیوەندی لەگەڵ پیاوێکی دیکە پەیدا دەکات ، رۆژێك و دووان خەڵکی گوند بەو پەیوەندییە دەزانن بەڵام(ئەحمەد) لێی بێ ئاگادەبێـــت، بۆیە خەڵکەکە بەهەر جۆرێك بێـــت هەواڵی ژنەکەی بە پیاوێکـــی دیکەی پێ رادەگەیەنن، ســـەرەتا(ئەحمەد) نایەوێت راستەوخۆ بڕیارێك بـــدات دواتر لێی پەشـــیمان ببێتەوە، لە دڵی خۆیدا دەڵێت: باشـــتر وایە من لـــە دوورەوە چاودێری ژنەکەم بکـــەم و بزانـــم تا چەند قســـەی ئەم خەڵکە راســـتە، بەڵام هەر کە دایك و باوکی(ئەحمەد) بەو شـــتە دەزانن ماوە نادەنە(ئەحمـــەد) بـــۆ چاودێری کردن و وردبوونـــەوە لـــە رووداوەکـــە بەڵکە راستەوخۆ پاڵەپەســـتۆی دەخەنە سەر بـــۆ ئەوەی ئەم ژنە تەڵاق بدات، دەڵێن خوای گەورە تۆی زۆر خۆشویستووە، تا ئێســـتا منداڵی لەم ژنە نەداوە پێت، هەر بۆیە (ئەحمەد) دوو شایەد لەگەڵ خـــۆی دەبات و دەچنـــە لای مەلای گونـــد، هەروەکو چۆن لـــە دەرەوەی دادگا مـــارەی بڕیبـــوو بەمجۆرەش لـــە دەرەوەی دادگا تەڵاقـــی دەدات، هەر چەنـــدە ماڵـــی باوکی(ئامینە) دەیانەوێت راســـتی تەڵاقدانە کە بزانن بەڵام(ئەحمەد) راستیەکە دەشێوێنێ و لێیان دەشارێتەوە و بێ کێشە و گرفت کۆتایی بەم مەســـەلەیە دەهێنێ لێرەوە ژیانێکـــی نوێ بۆ هەردوولا دەســـت پێدەکاتەوە، (ئەحمـــەد) ژنێکی دیکە دەهێنێت و(ئامینە)ش مێردی دووەمی دەکات، شوو بەو پیاوە دەکات کە پێشتر پەیوەنـــدی لەگەڵ هەبـــوو، رۆژگار دێت و دەڕوات(ئامینە) دەبێتە دایکی ســـێ منداڵ بـــەڵام بەداخـــەوە هیچ کات وانەوپەنـــد لە هەڵەی پێشـــووی وەرناگرێت، کە بووە، هۆی ناو زڕاندن و ئابڕوچوونـــی لە نێو خەڵکی گوند ، و ئـــەو هیـــچ کات وەك ئافرەتێکی مێـــردار و خاوەن منـــداڵ بیر ناکاتەوە بەڵکو بیرکردنـــەوەی زیاتر بە کچێکی هەرزەکاری چاو لـــە دەردەچێت و ئەو خوو رەوشـــت و هەڵســـوکەوتەی کە پێش شـــووکردنی یەکەمـــی هەیبوو هەر دەیمێنێ ، دوای ســـێ منداڵیش هەر واز لـــەم کارە نابەجێیەی ناهێنێت ئەمجارەیـــان پەیوەنـــدی لەگـــەڵ ناسیاوێکی مێردەکەی دادەمەزرێنێ کە نیشتەجێی شـــارە و خێزاندارە و باوکی حەوت منداڵـــە، پیاوەکە بە بەردەوامی هامۆشۆی ماڵیان دەکات.

## رۆژی کوشتنی(ئامینە) و دۆستەکەی

ئـــەو رۆژە ئـــەو پیـــاوە لەگـــەڵ مێردەکەی(ئامینـــە) دێنەوە ماڵێ تا نزیك بانگی عەســـر لەوێ دەمێننەوە مێردی(ئامینە) نیازی چوونە شاری دەبێت، پیـــاوە میوانەکەش پێی دەڵێت ، بۆ هەرکوێیەك بچـــی دەتگەیەنم و ئەگەر حەزدەکەی ئیشـــی خۆت تەواو بکە دەتگەڕێنمەوەش، هەتا شـــاری دەبات بەڵام هـــەر زوو خۆی بە تەنیا دەگەڕێتـــەوە بـــۆ گونـــد و دەچێتە لای( ئامینـــە) بـــا لێرەوە(ئامینە) و دۆستەکەی بەجێ بهێڵین و بگەڕێینەوە لای و مێردەکەی(ئامینـــە) و بزانین ئەو پیـــاوە چۆن و بۆچـــی هەر زوو لە شـــار دەگەڕێتەوە، ئایـــا گومانی ئەوەی هەبـــووە کە ئەم پیاوە پەیوەندی لەگەڵ ژنەکەی هەیە؟ یان دراوسێکان ئەمەی پێـــی رادەگەیەنن و پەیوەندی پێوە دەکەن بە هەرحاڵ کە دەگەڕێتەوە مـــاڵ و دەچێتـــە ژوورەوە هەروودکیان واتە ژنەکەی و دۆستەکەی بە رووتی لـــە باوەشـــی یەکتـــردا دەبینێ کاتی ئەو دیمەنە بەمجـــۆرە دەبینێ چاوی تاریك دەبێت و دەســـت دەداتە چەکەکە و لوولـــەی ئاراســـتەیان دەکات هەر لەوێ هەردووکیان دەکوژێت و کۆتایی بە ژیانیـــان دەهێنێت، هـــەر بۆیە بە باشمان زانی زاری (ئیبراهیم) مێردی دووەمـــی (ئامینـــە) چۆنییەتی ئەم رووداوە بزانین، کە ئێســـتا دەستبەسەرە لە بەندیخانە و دانیشـــی بە تاوانەکەی ناوە و بە تۆمەتی کوشـــتنی دووکەس گیراوە دوور نییە مـــاددەی(٤٠٦)ی یاسای سزاکانی عێراقی ساڵی ١٩٦٩ بەســـەردا بســـەپێندرێ بـــە هەرحاڵ (ئیبراهیم) گوتی: بەداخەوە دوای ئەو هەموو خۆشەویستییەم بۆ خێزانەکەم و هاوســـەری ژیانم و دایکی منداڵەکانم ئەو بەمجۆرە پاداشتی دامەوە ئافرەتێك کـــەوا نۆ ســـاڵە ژیانی هاوســـەرێتی لەگـــەڵ مـــن پێکهێناوە و لـــە رێزو خۆشەویســـتی پتر هیچی دیکەم بۆی نەبـــوو، کەچی ئەو خیانەتم لێ دەکات لەگـــەڵ کێش لەگەڵ نـــا پیاوێکی ناسیاوم من هەرکاتێك ئەمەم دێتەوە بیر خەریکە مێشکم رادەوەستێ هەر بۆیەش کە دیمەنی خیانەتی ئەوم بینی چاوم تاریك بوو، دەســـتم بـــرد بۆ چەکەکەم و چەند گوللـــەی تێدابوو هەمووم لە جەستەی ئەوان بەتاڵ کرد هەر کەسێکی دیکەش لە شوێنی من بووایە بە تەئکید هەر وای دەکرد، چونکە مرۆڤ کاتێك دیمەنێکی لەمجۆرە ببینێ چۆن دان بە خۆیدا دەگـــرێ؟ هەڵبەتە دڵی ئاو ناخواتـــەوە تا کوڵـــی دەروونی خۆی پێیان دانەڕێژێت ، ژنێك بێت و ماوەی نۆ ســـاڵ لەگەڵ من بێت خیانەتم لێ بکات، چۆن دەهێڵـــم، جارێکی دیکە هـــەوای ئەم دنیایـــە هەڵمژێت، چۆن کۆتایی بە ژیانی ناهێنم! من ئێســـتا دان بەتاوە نەکە دادەنێم و بەو ســـزایەش رازیم کە دادگا بەســـەرم دا دەسەپێنێت ئەگەر سێدارەش بێت.

**بەداخەوە ئەو ژنە هیچ پەند و عیبرەتێکی لە هەڵەی رابردووی وەرنەگرت کە بەهۆیەوە تەڵاق درا، بەڵکو دووبارەشی کردەوە، بەڵام هاوکات (ئیبراهیم) ی مێردیشی کارێکی باشی نەکرد کە دەستی چووە خوێنی دووکەس، چونکە دەیتوانی لە رێگەی یاسا و دادگاوە هەموو مافەکانی بسەنێ و ژنەکەشی سزا بدرێت**



# ئەندامێکی جەستەی بە خۆشەویستەکەی بەخشی

**گورچیلەکەم بەخشییە کچێک کە ئامادەم نەک گورچیلەیەک بەڵکو هەموو ژیانمیشی پێبەخشم**

## عەشق و ئەڤینێکی پاک، بەڵام

وەختێك (هاوكار) بەسەرهاتی چۆنیەتی بەخشینی گورچیلەكەی بۆ دەگێڕاینەوە لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانە بوو، پێنج رۆژ بوو گورچیلەكەی بەخشی بوو، بەكێ بەخشی بوو، بۆچی ئەو كارەی كردبوو و لە پێناوچی بوو..؟ یا بۆخۆی بۆمان بگێڕێتەوە و وردەكارییەكانی باس بكات، ئەو بەسەرهاتەكەی بەمشێوەیە گێڕایەوە و گوتی: گورچیلەكەم بەخشییە كچێك كە ئامادەم نەك گورچیلەیەك بەڵكو هەموو ژیانمیشی پێبەخشم، ئەویش (نەجیبە)یە.

سێ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ رێككەوتنێكی چاوەڕوان نەكرا و منی بە(نەجیبە) ناساند، بۆخۆم دوكانێكی كەمالیاتم هەبوو، رۆژێك(نەجیبە) هاتە دوكانەكەم و داوای شامپۆیەكی بیانی دەكرد كە نەمبوو، بەڵێنم پێدا كە بۆی پەیدا بكەم، ئەگەر دوو سێ رۆژی تر سەردانم بكاتەوە، ئەوەبوو دوای گەڕان و سوڕان دەستم نەكەوت، ناچار ناردم بە پۆستی فڕۆكە بۆم بێت، كە هات لای خۆم دامنا تا ئەو هاتەوە دوكانەكەم ، ئەوەبوو دام پێ، زۆر بە بەجێ هێنانی بەڵێنەكەم سەرسام بوو، وردە وردە جۆرە سۆز و مەیلێكی سەیر، هەردووكمانی بۆ لای یەكتركێش دەكرد، بە كورتی پاش هاتنەوەی چەند جارێكی تر، من خۆم پێنەگیراو یەكسەر ناخی دڵی خۆمم پێیگوت، ئەویش لەشەرمان تەنیا خەندەیەكی كرد و دووكانەكەی بەجێهێشتم، دوای ئەوە نیازی خۆمم پێگوت كە ئەگەر رازی بێت داخوازی دەكەم، داوای لێكردم دەرفەتێكی بدەمێ تا بیرێك دەكاتەوە، پاش هەفتەیەك گوتی: رازیم بەمەرجەی ماڵەوەمان رازی بن، كێشەكە خۆم نیم، ماڵەوەمانن.. بەهەرحاڵ ناردمە خوازبێنی سەرەتا گوتیان دوای ماوەیەكی تر وەڵامتان دەدەینەوە، پاش بەسەرچوونی ماوەكە، هەواڵیان نارد گوتیان رازین، كە چووین بۆ داخوازی، برایەكی گوتی: ئێوە چۆن یەكترتان دیتووە منیش لە دەمم دەرچوو گوتم: وەڵڵا هاتۆتە دوكانەكەم داوای شامپۆی كردووە و منیش خۆشمویست... قسەكەم تەواونەكرد كردیانە غەڵبە غەڵب، برا گەورەكەی گوتی: ماوەیەكی تر هەواڵتان دەدەینەوە، وەكو دەركردنێك دەریان كردین، ئەوەندە هەبوو ، نەیانگوت بڕۆنەدەرێ، هەر لەبەر ئەوەندەی گوتم خۆشیمویست، باشە خۆ كفرم نەكرد، ئەی ئەوە نییە هاتوومەتە خوازبێنی، ئیدی چ پێویست بەو جۆرە هەڵوێستە دەكات، چەندی هەوڵمان لەگەڵدان سوودی نەبوو لە قسەی خۆیان پەشیمان نەبوونەوە.. دواتر گەمارۆی (نەجیبە) یان داو هاتنە دەرەوەیان بە تەواوەتی لێ قەدەغەكرد، مەگەر تەنیا بۆ دەوامی فەرمانگەكەی دەچوو ئەویش دەبووایە دوای چارەگە سەعاتێك لە تەواوبوونی دەوام لە ماڵەوە بێت، ئەوان وەهایان كرد و منیش هێندەی دیكەم خۆشویست، حەوت جار زیاتر خەڵكم ناردەوە بۆ لایان هەر حەوت جار رەتیان كردەوە و گوتیان بشمرێت كیژی خۆمانی نادەینێ، ئەوجا با چیتر خەڵك نەنێرێ٠

## نەخۆش کەوتنی نەجیبە

(هاوكار) بەسەبر و حەوسەڵەیەكی زۆرەوە، بەتام و چێژێكی تایبەتەوە خۆشەویستییەكەی خۆی بۆ دەگێڕاینەوە و لە درێژەی گێڕانەوەكەیدا گوتی: من هیچ رێگەیەكم نەما كە نەیگرمە بەر، بەڵام دەرەنجامی نەبوو، هەستم بە غەدرێكی زۆر زۆر دەكرد و هەموو جارێ لە خۆمم دەپرسی: باشە فێڵ كە نیازم پاكە، بۆچی ئەوانە ئەو هەڵوێستە توندەیان بەرامبەرم هەیە، با وایدابنێین كە خۆشمویست ویستووە، باشە لەوە باشتر نییە



کــە بیرنە کابرایەك نازانن داخۆ لەگەڵ باش دەبێت یان نەء، بەڵام بەهەر ڕێگەیەکیش بایە هەواڵێکی خۆمم پێدەگەیاند و هی ئەویشـــم وەردەگرت، ئەوەبـــوو زانیم نەخۆش کەوتووە، من گوتم دیارە بەهۆی هەڵوێستی براکانییەوە بەهۆی خەم و خەفەتەوە تووشی دڵتەنگی و خەمۆکـــی بوو، بۆیە زۆرجـــار و زوو زووش هەواڵم بۆی دەنارد کە خەم نەخوات و ورەی بەرزبێت، من هەرگیز دەستبەرداری ئەو نابم، بەڵام دواتر زانیم کەوا نەخێر نەخۆشییەکەی هی خەم و خەفەت و دڵتەنگی و خەمباری نییـــە، بەڵکو گورچیلەکانـــی ئیش ناکەن و لەکارکەوتوون، لە ڕێی ناســـیاوێکمانەوە کە پزیشـــك بوو زانیم کە ئەگەر گورچیلەکانی دەرنەهێندرێـــن و گورچیلەی کەســـێکی بۆ نەچێندرێ مەحاڵــە بژی، هەموو هەفتەی جارێکیش گورچیلەیان بۆ دەشووشـــتەوە، بۆ ئەوەی لە مردن رزگار بکەن، ئیدی پزیشك پێ گوتبوون کە هەوڵدەدەن کەسێکی خۆبەخشی بۆ پەیـــدا بکەن تـــا گورچیلەیەکی بداتێ، ئەوان دنیایان کرد کەســـێکیان دەستنەکەوت، یەکێکیان بـــۆ دۆزیبۆوە داوای پێنج دەفتەر دۆلاری دەکرد، ماڵەوەیان رازی بوون بیدەنێ، بەڵام کە پشـــکنینی بـــۆ دەکەن دەردەچێ

کەوا نەخێـــر گورچیلەکـــەی ئەویش بۆی نابێت، ئەم کچە بەســـتەزمانە پێنج مانگان لە ژێـــر عەزاب و ئێشـــی گورچیلە دابوون ژیانی نەبوو، بەحاڵ هەناسەی دەدا و ڕەنگی ســـیس ببۆوە، قەت لە (نەجیبە) ی ئەوکاتە نەدەچوو کە من بینیبووم، لە ڕێی ئەو دکتۆرە خزمەمانەوە زانیم گرووپـــی خوێنی چییە، منیـــش چووم گرووپی خۆم بشـــکنم دەبینم ڕێك وەکو گرووپەکەی ئەوە، هەوڵمدا زانیاری زیاتـــر وەربگـــرم، ئەم خزمەم خـــودا خێری بنووســـێ درێغی نەکرد زۆر زۆر هاوکاری کـــردم، هەموو هەواڵێکم بۆ ئەوەبوو بزانم من دەتوانم گورچیلەکـــەی خۆمی پێبدەم، ئیتر بۆم دەرکەوت تا رادەیەك هی من بۆ ئەو باشە و ئەگەری زۆر هەیە بـــۆ ببێت، بەهەرحاڵ بـــاری دەروونی (نەجیبە) و براکانی و دایك و باوکی لەوپەڕی خراپی دابوون و بەو پێشە کـــە تاقە کچیان بوو، دایك تەواو شـــپرزە و شێواو و رووخابوو، هەموو براکانی پشکنینی خوێنی خۆیان بۆ کرد کە ئەگەر بگونجێ تا گورچیلەی خۆیان بدەنێ هی کەسیان نەدەبوو بـــۆی ، هەواڵم نارد بۆیان گوتم ئەگەر هی مـــن ببێت ئامـــادەم گورچیلەیەکی خۆمی بدەمێ، ئەوان بەو هەواڵ و هەڵوێستەی من شاگەشـــکە بوون، هیچ قســـەی ترم نەکرد، رازی بوون و منیش چوومە نەخۆشـــخانە و خۆم خستە بەر نەشتەرگەری پزیشکەکان، پشکنین لە دوای پشـــکنینیان بۆ دەکردم و هەمووشی دڵخۆشکەر بوون و لەگەڵ لەش و گورچیلەی ئەو دەگونجا، چەند ڕۆژێك لە ژێر پشـــکنیندا مامەوە و جۆرەها پشکنینان بۆ کردم، هەموویشـــی تـــەواو دەردەچوون، دواجار پزیشـــکەکان بڕیاری کۆتاییان دا کە دەتوانم گورچیلەکەم ببەخشـــم بەو و بۆی دەبـــێ، بەڵام لێژنەیەکی پزیشـــکی لەگەڵم دانیشـــتن پێش ئەوەی بڕیـــاری یەکجارەکی بدەن و پرســـیاریان لێکردن گوتیان : بۆچی گورچیلەی خۆت دەبەخشـــییە ئەو نەخۆشە، تـــۆ ش یەك گورچیلەت دەمێنێ و وەك دەڵێن دەبێتـــە نیوە مـــرۆڤ، بڕی چەنـــد پارەت وەرگرتـــووە...؟ منیش لە وەڵامیاندا گوت: ئامادەم نەك گورچیلەم، دڵی خۆشـــی پێ ببەخشم، لە بەرامبەر پارەشدا نایدەم، هەموو سەرووەت و ســـامانی دنیام بدەنێ نینۆکێکی خـــۆم نا فرۆشـــم، من ژیانی ئـــەو مرۆڤەم بـــێ گرنگە و مەســـەلەکەش تەنیا و تەنیا خۆشەویســـتییەو هیچیتر، بە ئارەزووی خۆم گورچیلەی خۆمی پێدەدەم و کەسیش زۆری

لێنەکـــردووم و دینارێکیشـــم وەرنەگرتووە و وەریشناگرم. دوای ئەم قسانە ئیتر بڕیاری کۆتاییان دا کـــە گورچیلەیەکم لێبکەنەوە و بیدەن بە (نەجیبە).

کـــە ئێمەیان بردە ژووری نەشـــتەرگەری هێشتا بەنج نەکرابووم کە لەسەر قەروێلەبووین، منیـــان نزیـــك کـــردەوە لێی و پزیشـــکێك پێی گوت: ســـەیری ئەم کـــوڕە بکە، ئەمە خۆبەخـــش بـــێ بەرامبـــەر گورچیلەیەکی خۆیت پێ دەبەخشـــێ(نەجیبە)ش کە پێشتر ئاگادارکرابـــۆوە کە مـــن ئامادەیم دەربڕیووە گورچیلەی خۆمی بدەمێ بۆیە هەواڵەکە بۆ ئەو تازە نەبوو، ســـەیرێکی کردم، ئەگەرچی حاڵی زۆر پەرێشـــان بـــوو، تاقەتی ئەوەی نەبوو تەنانەت قسەیەکیش بکات، بەڵام بەچاو تێی گەیاندم کە زۆر مەمنونە، هەردووکمان براینە ژووری نەشـــتەرگەری و پاشان بەنج کراین، نەمزانی چەنـــد کاتژمێر لە ژووری نەشـــتەرگەری مامەوە، بەڵام دەزانم شـــەو بوو کە بەهۆش خۆم هاتمەوە و تێگەیشـــتم کـــە نەشـــتەرگەرییەکە ســـەرکەوتوو بووە، بەیانییەکـــەی دایکـــی و براکانی(نەجیبە) لــە ژوور ســـەرم بوون، دایکـــم و براکانی منیش هەروا ڕاوەستابوون ئەگەرچی زۆریان پێگوتبووم کە ئەو شتەی من دەیکەم کارێکی زۆر ترســـناکە و ماڵی کچە شـــایانی ئەوە نین ئەو پیاوەتییەیـــان لەگەڵدا بکەم، بەڵام من گوێم بەم قســـانە نەدابوو، بڕیاری خۆم دابـــوو، بەهەرحاڵ ئـــەو بەیانییە وەکو گوتم براکانی(نەجیبە) لە ژوور سەرم بوون، کە بە ئاگاهاتم باری تەندروســـتیم زۆر باش بوو، ویستیان قســـە بکەن من زووتر بە قسە هاتم و گوت: وەزعی(نەجیبە) چۆنە؟ گوتیان : زۆر باشە و زۆرت لێمەمنوونە، ئێمە بۆ ئەوەش هاتووین کە هەم سوپاسگوزاری خۆمانت پێ بگەیەنین و هەمیشە پێت بڵێین هەر کاتێك ئێوە لە نەخۆشـــخانە هاتنە دەرەوە خۆتان ساز کەن ڕێوڕەســـمی شەکراو خواردنەوە پێشکەش کردنی (نەجیبە) بەتۆ بە جوانترین شێوە و بە ئاهەنگێکی گەورەوە بەڕێوە دەبەین و هەموو خەرجییەکانیش لەسەر خۆمان دەبێت..

دوای ئەو قسانە ئیتر من زۆر دڵخۆشم و چاوەڕێم منیش و ئەویش لە نەخۆشخانە بێینە دەرەوە و زەماوەندەکە ســـاز بکەین، لە دنیادا لەوە خۆشتر نییە گیانی کەسێك هەر کەسێك بێت لە مردن رزگار بکەی، ئەی ئەگەر ئەو کەسە خۆشەویســـترین کەسیشت بێت، ئیدی خۆشییەکە وەسف ناکرێت و نابڕێتەوە.

**ئەو کچە بەستەزمانە پێنج مانگان لە ژێر عەزاب و ئێش و ئازاردا دەیناڵاند بە حاڵ هەناسەی دەدا، قەت لە نەجیبەی جاران نەدەچوو**



لەنێو فایلەکانی دادگاوە

# کێ پارە و زێڕەکانی ماڵی حەمیدی دزی؟

ئا: باوکی میدیا

دەوروبەری کاتژکێر(٩)ی بەیانی بوو، کە(حەمید) لە خەو هەڵسا و چووە لای دەستشۆرەکەوە، ئاوێك بەدەموچاوی دابکات، کە زەنگی مۆبایلەکەی لێیدا، دەمووچاو شتنەکەی دواخست بۆ ئەوەی وەڵامی مۆبایلەکە بداتەوە، کە هەڵیگرت تەماشایەکی شاشەکەی کرد و زانی کە(ئاکام)ی بەڵێندەرە دوای چاك و چۆنی بەڵێندەرەکە داوای ئەو بڕە پارەیەی کرد کە بەهۆی جێبەجێکردنی کارە تازەکەیانەوە دەبوو بۆی ببات، ئەویش بەڵێنی پێدا کە پێش نیوەڕۆ خۆی پارەکەی بۆ دەبات و خودا حافیزیان لەیەك کرد، دوای داخستنی مۆبایلەکەی چووەلای دەستشۆرەکە و دەمووچاوی شت و پاشان لە ژوورەکەی خۆی جلوبەرگی خۆی گۆڕی و بەرەو دەرگای کانتۆریەکە رۆیشت کە ئەو بڕە پارەیە دەربێنێ کە دەچوو بۆ بەڵێندەرەکەی بیبات، دەرگای کانتۆڕەکەی کردەوە و چاوی زەق بۆوە، ئەوە بۆچی ئەو جلوبەرگانە وەها تێکدراون و دەستی بۆ ژێر جلەکان درێژکرد و سندوقی بچووکەکەی دەرهێنا و کردییەوە بینی نە پارەکان ماون نە زێڕی ژنەکەشی، یەکسەر شپرزە بوو، تاقەکانی تری کانتۆرەکە گەڕا،جلەکنی هەموو پشکنی، بە کورتی هەر چوار دەرگای کانتۆرەکە گەڕا بەڵام نە پاڕە نە زێڕەکە نەدیترانەوە، ئیتر بە تەواوەتی شڵەژا، دەمی وشك بوو، رەنگ و رووی لەبەر نەما، سەرو دڵی توند بوو... ئاخر سێ دەفتەر دۆلار و شەست مسقاڵ زێڕ کەم نییە، چاوی سپی بووە تا ئەو پارە و زێڕەی دەستکەوتووە، نەیدەزانی چی بکات، یەکسەر بانگی(ئاواز)ی ژنی کرد، چەند جارێك بە دەنکێگی بەرزەوە بانگی کرد(ئاواز) لە مەتبەخەکە بوو خەریکی ئامادەکردین بەرچایی بوو، بە پەلە پرۆزێ چووە ژوورەکەی(حەمید) و گوتی: چییە پیاوەکە وا شڵەژاوی، ئەو هات و هاوارەت لە چییە بەم بەیانییە..؟(حەمید) هەر ئەوەندەی پێکرا بڵێ: کچێ هاتوهاواری چی نە پارەکە و نە زێڕی ماڵەوە دیار نەماون و دزراون، ئەوەندە بەس بوو کە(ئاواز) لەخۆی بدات، بڵێ(وەی کوێر بم وەڵڵا دزراوە چەندی بەدوان قسەیان کرد و مەسەلەکەیان هەڵگێڕ و وەرگێڕکرد، چەندی شوێنی دیکەی ماڵەکە گەڕان لەیەك دەرەنجام ، لەیەك ئاکام زیاتر چیرت نەبوو، ئەویش ونبوونی پارە و زێڕەکان بوو.

## سکاڵاکردن

(حەمید و ئاواز) بە شپرزەییەوە، بەپەلە خۆیان گەیاندە بنکەی پۆلیس و سکاڵایان تۆمارکرد کە دزیان لێکراوە ، کێ کردوویەتی، کەی کراوە؟ دوو پرسیاری سەرەکی بوون دەبوو بزاندرێ.. یەکەم پرسیاری ئەفسەری لێکۆڵینەوە دوای ئەوەی کۆنووسی کردەوە و گوتەی هەردووکیانی وەك داخواز وەرگرت، لە(حەمید) ئەوەبوو سکاڵاو گومانت لە کێیە؟ بەڵام(حەمید) لەم پرسیارە زۆری هەست بە شەرمەزاری و تەریقبوونەوە کرد، بۆیە داوای لە ئەفسەرەکە کرد کە بەتەنیا لێکۆڵینەوە و پرسیاری لێبکات، با خێزانەکەی بچێتە دەرەوە، ئەوەبوو(ئاواز) چووە دەرەوە و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی ئەفسەرەکەی دایەوە و گوتی: راستییەکەی هیچ دەرگا و پەنجەرەیەکی ماڵەکەمان نەشکاوە، لە چەند کەسێکیش بترازێ گومانم لە کەسی تر نییە، چونکە تا دوێنێ نیوەڕۆش کە لە ماڵ هاتمە دەرەوە هەر لە ماڵ لە ناو کانتۆرەکە لە ناو سندووقەکە بوو، خێزانم و منداڵەکانم لە ماڵ نەبوو، هیچ خزم و میوان و برادەرێکیشم، یا کەسێکی بێگانە نەهاتۆتە ماڵمان، بۆیە گومانێکی زۆر بەهێزم لەو سێ کەسە هەیە کە دوێنێ تا درەنگی شەو لە یانە میوانیان بووم و داوەتیان کردبووم، هەر چەندە لەوانەشە گومانەکەم راست نەبێت ئەوسا ئەگەر راست نەبووم شەرمەزای دنیا و قیامەتیان دەبم و لە ئاستیاندا گوناهبار دەبم، بەڵام چەندی سەر دێنم و سەر دەبەم ناتوانم جگە لەو سێ کەسە ناویان(هادی و ئەنوەر و کەرخی)یە، گومان لە هیچ کەسێکی تر بکەم، چونکە پێش هەفتەیەك چەند جارێك هاتنە ماڵمان و مامەڵە و مامەڵەکاریمان پێکەوە هەبووە و لە پێشیشیان

دوو سێ جاران پارەم لە ناو ئەو سندوقە داناوە کە تیایدا دزراوە، بێجگە لەوەش ئەوە هی کەسێکی ناو ماڵیشمان نییە، چونکە منداڵەکانم گەورەکەیان تەمەنی (١٣) ساڵانە و شتی وا قەت ناکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەڕاستی هیچ بەڵگەیەکم لە دەست نییە و لە دژیان کە بیسەلمێنێ ئەوان دزیویانە، تەنیا گومانم لێیان هەیە، بەڵام گومانێکی بەهێز.

## لەبەردەم لێکۆڵینەوەدا

(م.م) ئەفسەرێکی بە توانا و بە ئەزموون بوون لە دەیان تاوانی لەو شێوەیەدا لێکۆڵینەوەی کردووە و بەسەرەنجامیشی گەیاندوونە، ئەو لەمەڕ ئەو کێشەیەو چۆنییەتی ئاشکراکردنی دزەکان بەمشێوەیە باسەکەی بۆ گێڕاینەوە و گوتی: کە سکاڵاکەمان تۆمارکرد و گوفتاری خاوەنی ماڵەکەمان وەرگرت، تیمێکمان ڕێکخست بۆ ئەوەی پشکنینی شوێنی ڕووداو بکەین و پەنجە مۆرەکان لەسەر دەرگا و شوێنە گومانلێکراوەکان هەڵگرین، کە دیتمان هیچ شتێك نەشکاوە و ساغن گومانمان بۆ کەسێك کە شارەزای ماڵەکەیە زۆرتر چوو، دیارە دەبێ ئەو دزە شوێنی پارەکەش بزانێن ئەگینا ناچار دەبوو دەرگایەك یا پەنجەرەیەك بشکێنێ، هەر چۆنێك بێت ئێمە دوو ڕۆژان خەریکی لێکۆڵینەوە بووین و چاودێرییەکی باشی ئەو کەسانەشمان کرد کە(حەمید) گومانی لێهەبوون، ئێواران دەچوونە یانەیەکی شەوان دەیانخواردەوە و لەوێوە چاودێریمان دەکردن بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن.

لە شەوی سێیەمی چاودێرییەکەمان، لەسەر دابەشکردنی بڕە پارەیەك کە نەماندەزانی هی چییە بووە مشتومڕ و لێکدانیان، خەڵك لەوێ کەوتنە ناوبژیوانیان لێکیان کردنەوە و یەکێکیان ڕۆیشت، ئێمەش بەدواداچووین، دیتمان دەیەوێ بچێتە ئەو بنکە پۆلیسەی کە لە یانەکەوە نزیکەوە، زانیمان دەیەوێ شتێك ئاشکرا بکات، ئەوەبوو خۆمان گەیاندێ و وەك پۆلیس خۆمان پێناساند، ئەویش گوتی: دەمەوێ شکایەت لە دوو کەسی دز بکەم و بە گرتنیان بدەم، زانیمان مەسەلەکە بەچی دەگات، تیمێکمان ناردە یانەکە و چاوەڕوێی بڕیاری دەستگیرکردن بوون، ئێمەش ئەو کەسەمان بردە.

بنکەکەمان و قسەمان لەگەڵ کرد و پاشان گوتی: من ناوم(کەرخی)یە و من و دوو هاوڕێی دیکە کە ناویان هادی و ئەنوەر)ن، هاوڕێ و هاوبەشی کەسێکین ناوی (حەمید)ە و پێرێ شەو بڕە پارەیەك و کۆمەڵێك زێڕی لێدزراوە و(هادی و ئەنوەر)یش دزییەکەیان کردووە، ئەمنیش نەمزانی ئەوانە بۆ ئامانجی خۆیان منیان بەکارهێناوە تا ئەمشەو زانیم و بەخۆیان ئاشکرایان کرد، کە لەسەر دابەشکردنی پارە و زێڕەکە لێیان بووە شەڕ(ئەنوەر) دەیگووت با پارەکە و زێڕەکە هەردووکیان پێکەوە، بەش بکەین، کەچی (هادی) دەیگووت: نەخێر من چوومە پارە و زێڕەکانم دەرهێناوە تەنیا زێڕەکەت دەدەمێ و ئەویتر بۆ خۆمەوە، لەسەر ئەوە ببووە شەڕیان و تاوانەکەیان بەخۆیان ئاشکرایان کرد، بەڵام بێ ئەوەی بەخۆم بزانم منیشیان خستبووە ناو تاوانەکەیان، بەمنیان گوت: ئێمە ئەمشە و (حەمید) داوەت دەکەین، تۆش داوەتمان بەو لەگەڵمان بە(حەمید) هاوڕێی و هاوبەشمانە وبەهۆی ئەوەوە قازانجمان کردووە، بۆیە حەزمان لێیە داوەتی بکەین ئینجا ڕۆژی پێشتر(حەمید)یان ئاگادارکردبۆوە، کە داوەتی دەکەن، بەڵام بێ ئەوەی نیازی خۆیان بەمن بڵێن، ئەمشەو کە لێیان بووە بەشەڕ زانیوومە و لەوەشەوە ئاشکرابووکە(هادی) دەیگووت: باشە(ئەنوەر) کێ بوو چووە ناو ماڵەکە من بووم یان تۆ؟ تۆ هەر ئەوەندەت کرد کە لە ناو ماڵەکە پاسەوانی بکەی و ئاگاداربیت نەوەك کەسێك بێت، هەر ئەوەندە بوو ئیشەکەت ئیتر بۆچی بە زێڕەکان نارازی (ئەنوەر) یش دەیگوت: من نەخشەکەم داناوە و من کارەکانم دابەشکردن و گوتم با(کەرخی) لێرە لەگەڵ(حەمید) دابنیشێ تا خەریکی دەکات و ئێمەش لە ماوەی نیو کاتژمێر کە ڕووخسەتیان لێوەردەگرێ کارە کە دەکەین، ئیدی لەمەو لێیان دەبێتە مشتومڕ و ئاشکرا دەبێت، منیش کەوتمە شەڕ لەگەڵیان، کە بۆچی شتێکی واتان کرد و منیشتان بەجێهێشت هەر چەندە هەڕەشەی کوشتنیشیان لێکردم کە ئەگەر هیچ قسەیەك لای هەر کەسێك بکەم.

## ئاشکرابوونی دزییەکە

(م.م)ی ئەفسەری لێکۆڵینەوە بەردەوام دەبێ لەسەر باسکردنی وردەکارییەکانی گرتنی دەزکان و دەڵێ: کە(کەرخی) شتەکانی ئاشکراکرد، یەکسەر بەبێ تەل پەیوەندیم بە تیمەکەی ناو یانەکە کرد کە ئەو دوو کەسە کە ناویان(هادی و ئەنوەر) دەستگیربکەن دەیانهێشتە ناو بنکەی پۆلیس، ئێمەش دەستمان بە تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکە کردن کە ئەوانیان هێنا ئەگەرچی تۆزێك سەرخۆشیش بوون، بەڵام دەمودەست هەردووکیان بەویستی خۆیان دانیان نا بە تاوانەکە و ورەیان ڕووخا بەتایبەتی کە پێمان گوتن ، ئێوە بەسەر خۆشی لەسەر پارە و زێڕە دزراوەکە بۆتە شەڕتان ، ئێوە نەخشە و پیلانتان داناوە کە دزی لە هاوڕێیەکی خۆتان بکەن کە شەریکتانە و بەهۆی ئەوەوە بڕە پارەیەکی باشیشتان قازانج کردووە کە لە جیاتی چاکەدانەوە دزیشیتان لێکردووە، ئینجا بۆمان دەرکەوت کە(کەرخی) یان بەکارهێناوە بۆ مەرامی خۆیان بێ ئەوەی ئەو بەخۆی بزانێت، لەسەر ئەوەی کە (کەرخی) هەر کە بە تاوانەکەی زانیوە یەکسەر هاتۆتە لای پۆلیس و ئاشکرای کردووە ئینجا پەڕاوی لێکۆڵینەوەمان بۆ هەردو تۆمەتبار(هادی و ئەنوەر) کردەوە و ڕەوانەی لای دادوەرمان کردو و ئەویش یەکسەر فەرمانی دەستگیرکردنی دان و بڕیاریدا لێکۆڵینەوەی تەواو لە ڕووداوەکە بکرێت، پاشان دەستمان گرت بەسەر پارە و ژێرەکە کە ئاگاداری (حەمید) مان کردەوە کە دزەکان گیراون و پارە و زێڕەکەش دەستیان بەسەرداگیراوە بە خۆشیان خەرکی بوو باڵ بگرێت، بەیانییەکە کە هاتە بنکە باوەڕی نەدەکرد و دەیگوت توخوا پارە و زێڕەکانمان وەرگیراونەتەوە ئێمەش بۆ ئەوەی بە تەواوەتی دڵنیابێت کە لە ناو نایلۆنێکی تایبەتیمان دانابوو، نیشانیماندا ، پاش ئەنجامدانی هەندێ ڕێککاری یاسایی پێویست بڕیاردرا ئەمانەتەکە بدرێتە خاوەنەکەی واتە بدرێتە(حەمید) ئینجا داوامان لێکرد کە بێت سکاڵای خۆی بنووسێ کەچی ئەو گوتی: لە ڕاهی خودا لێیان خۆش دەبم و وازیان لێدێنم، بەڵام یاسا چییان لەگەڵدا دەکات کەیفی خۆیەتی و زۆریش مەمنونی (کەرخی)م کە ئەم دزییەیانی ئاشکرا کرد، ئەوەبوو دوای مانگ و نیوێك مانەوە لە بەندیخانە بە دەستەبەری کاتی ئازادکران تا ڕۆژی دادگایی کردنیان کە ڕۆژی دادگاییشان هات دادگا دوای هەڵسەنگاندنی هەموو بەڵگەکان بەتایبەتی دانپیانانی خۆیان بڕیاریدا دوو ساڵ زیندانی بکرێن.

**داوای لە ئەفسەرەکە کرد بە تەنیا لێکۆڵینەوەی و پرسیاری لێبکات، با خێزانەکەی بچێتە دەرەوە.**



# چاوچنۆكی ژن و مێردێكی لە ناوبرد

## كۆچی دوایی هاوڕێی تەمەن

(نوری) كە خاوەن سێ كچ و دوو كوڕ بوو، وەختێك توانیبووی بگاتە ئاستێكی باشـــی دارایی ، تەمەنی گەیشـــتبووە نزیكەی چل ســـاڵ ، هەر دوو كوڕەكەی بەهـــۆی مامەكانیانـــەوە، چووبوونـــە ئەوروپـــا، بەڵام لە ســـێ كچەكەی كە ناویان (شـــارا، تارا، ئارا) بوون، (ئارا) یان كـــە كچە گەورەكەی بوو، شـــووی كردبوو، لە مـــاڵ و حاڵی خۆیدا دەژیا، بەڵام (شـــارا و تارا) هێشـــتا هەر لای باوكیان بوون ژیانێكی خۆش و پڕ تەبایی دەژیان، خێزانێكی بەختەوەر و ئارام بوون، لە رووی داراییشـــەوە(نوری) توانیبووی ســـەرمایەكی باش لە خانوو و زەوی بۆ خۆی پێكبهێنێ، تاكە گرفتێكیان ئەگەر هەبوو بێت نەخۆشی دایكان بوو، دایكیان دەمێك بوو دەردەداری نەخۆشـــییەك بوو كـــە پزیشـــكەكان نەیاندەزانی چییەتی؟ ئەو ژنە پزیشـــك نەما ســـەردانی نەكات بەڵام رۆژ بـــە رۆژیش لە كورتی دەدا و باری تەندروستی بەرەو خراپتر دەڕۆیشت، (نوری) لە بایەخپێـــدان درێغی نەدەكرد، هەروا كچەكانیش بەردەوام خزمەتیان دەكرد و نازیان دەكێشـــا، ئەگەر چی،(نوری) بۆ مـــاوەی ســـاڵێكیش تامـــی ژیانی هاوســـەرێتی، بەمانای ســـەرجێكردنی نەكردبوو، بەڵام قەت رۆژێك لە رۆژانیش پرتە پرتە و بۆڵە بۆڵی نەكرد، چونكە ئەو دەیزانی ئەو ژنە كاتی خۆی چەند پشتی گرتووە، چەند هـــاوكاری كردووە و چی هەبوو لە زێڕ و خشـــڵ هەمووی داوەتە دەستی هەر بۆ ئەوەی بتوانێ لەسەر پێی خۆی بووەستێ و بتوانێ كاروكاسبییەك بكات خێـــری بۆ خـــۆی و خێزانەكەی هەبێت، ئەو ســـەروەت و ســـامانەی ئەو ئەوڕۆكە پێكیهێناوە ئەگەر بە پاڵپشـــتی راســـتەوخۆی ئەو ژنـــە نەبوایە هەرگیز نەیدەتوانـــی بگاتە ئـــەو رۆژە( نوری) هەمیشە ئەمانەی لەبەرچاوبوو، بۆیە هیچ بێزارییەكی دەر نەدەبڕی ژنەكەی ئەمەی دەزانی، بۆیـــە هەموو جارێ پێیدەگوت: (نوری) تۆ هێشـــتا گەنجی و لەســـەر تاقەت و شەنگی خۆتی، منیش ئەوە بە خۆت دەزانی خودا نەخۆشییەكی كردووتە قسمەت، نەكەس ســـەری لێ دەردەكات، نە چاكیش دەبمەوە وەكو هەر ژنێكی تر، بتوانم ئەركی هاوسەرێتی خۆم جێبەجێ بكـــەم، كە ئەو قســـانەی دەكرد(نوری) تۆزێـــك رادەما و دەچووە لای ژنەكەی و پێـــی دەگوت: ئافرەت خۆزگە تۆ چاك دەبوویتەوە، ئەوی تر شـــتی ئەو تۆ نین، تەنانەت هەر جێی باسكردنیش نین.

بەڵام(نوری) هەرگیـــز چاوەڕێی ئەو رۆژەی نەدەكرد، وەك ئەو بەیانییە روویدا، كاتێك دەورووبەری كاتژمێر حەوتی بەیانی بوو، لەگـــەڵ قیژەو هاواری (شـــارا)ی كچی هەموو بە ئاگاهاتن، جۆری هاور وناڵەی (شـــارا) هی ئەوەبـــوو بزانن كە كارەساتەكە ئیتر روویدا، ئەو بەیانییە ژنێك



دوای چەندین ساڵ ژیانی هاوسەرێتی و بە دەردی نەخۆشییەکی کوشندەوە گیانی بەخاك سپارد.

## پێکهێنانی ژیانێکی نوێ

دوای ئەوەی (نوری ) هەردوو کوڕەکەی لە مردنی دایکیان ئاگادارکردەوە ئەوانیش هەر بۆ رۆژی دوایی بە فڕۆکە گەڕانەوە بۆ ئەوەی بە بەخاك سـپاردنی دایکیان ئامادەبـن، باوکیان بـە مردنی دایکیان تەواو شـپرزە و نیگەران و خەمبار بوو، کابرا کۆسـتی کەوتبوو، لەسەر و رووی، لە هەڵسـووکەوت و زەوق و سەلیقەی بە تەواوەتی رەنگیدابۆوە، کوڕەکان هەستیان کرد کە باوکیان تەواو پەرێشان و ماڵوێران بووە، بیرۆکـەی هێنانی ژنێك بۆی، کە هەم کاریگەری مردنی دایکیان لەسـەر کەمبکاتەوە، هەمیش تۆزێك خەریك بێت و ئەو کەسەش بتوانێ خزمەتی بکات، لای کوڕەکان گەڵاڵە بوو، پاشان لەگەڵ هەر سێ خوشکیش قسەیان کرد و بیرۆکەکەیان زۆر پێ باش بوو، ئەوان دوای چوار پێنج رۆژ گەڕانـەوە ئەوروپا و پاش ماوەیەك (تارا و شلێر) باسەکەیان لەگەڵ باوکیان کردەوە بەڵام (نوری ) ئەوەندە مەسەلەکەی بەهەند وەرنەگـرت، بەهەرحاڵ مانگێك دووانی بەسـەرداچوو، دیسان وردە وردە باسەکە هاتەوەگۆڕێ، ئەوجا (نوری ) یش بیرۆکەکەی پێ باش بوو، ئیتر دەسـتیان کرد بە گەڕان و پرسیارکردن لە ژنێك کە لە باوکیان بووەشێتەوە.

دیتنـەوەی ژنێك بـەو پێوەرانەی کە ئەوان دەیانووسیت مانگێك زیاتر خایاند، ئاخیرییەکەی قەیرە کچێکیان بۆ دۆزییەوە کە بە دڵی باوکیان بێت و وەك دەڵێن لێی بووەشێتەوە کچە تەمەنی گەیشتبووە (٣٨) ساڵ، لە خێزانێکی ئاسایی بوو، کچێکی چاوکـراوە و زۆر زان بوو، ئـەوە نەبووە هەروا بە سـانایی تەماشای ژیان بکات بەڵکو کچێکی تەماحکار و دنیادیتە بوو، بەهەر حاڵ لێرەوە با بزانین(تارا ) هێنانی ئـەو کچە بۆ باوکیان و دواتر پەیدابوونی کێشەکان چۆن بوو؟

## چۆن بۆ مانی دەگێڕێتەوە؟

(تـارا ) دەڵێ: کە ئـەم زڕدایکەمان بۆ باوکمان خواسـت لـەو بڕوایەدابووین کەسێك دەبێتە هاودەمی باوکمان و تۆزێك سـوکنایی و دڵنیایی پێ دەبەخشـێت، خەم و خەفەتی لە دەستچوونی دایکمان کەم دەبێتەوە لەسـەری، بەڵام بەداخەوە وانەبوو، هەر لە هەفتەی یەکەمەوە ئاماژە و قسەکانی، چۆنییەتی هەڵسووکەوتی لە ناو ماڵ و هەڵسـووکەوتی لەگەڵ ئێمە، بە جۆرێك بوو وەك ئەوەی ئێمە بێگانە و خۆی خاوەن ماڵ بێت، هەر لەسـەرەتاوە ململانێیەکی راسـتەوخۆی لەگەڵ من و (شـارا)ی خوشکم دەسـتپێکرد رۆژ بە رۆژیش ئاسـتی ململانێیەکەی زیاتر و توندتر دەکـرد، باوکمان کە بە ژیانی قسـەیەکی توندو ناخۆشـی بە ئێمەی کچەکانـی نەگوتووە، زۆرجار کە لە کار

دەهاتەوە، دوای نیو کاتژمێر وەك فیشەکە شێتەی لێدەهات لێمان، زۆر بە ئاشکرا هەستمان دەکرد کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو ژنە، راستییەکەی ژنەش دەیتوانی گۆڕانکاری و کاریگەری لەسەر کەسی بەرامبەر دروستبکات، ئامانجەکەشی لەو کێشە دروستکردنانە دیار و بەرچاوبوو، تا خۆی بەتاك و ئەو تەنیا لە ماڵی باوکمان بمێنێتەوە و ئێمەش بەهەر ڕێگەیەك بێت دەرپەڕێنێ، کە دیتی بۆی ناکرێ دەرمانپەڕێنێ، بەتایبەتی لەمەدا نەیتوانیبوو باوکم بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە ، هەوڵمدا ئیشەکە لە کورتی ببڕێنێتەوە، ئەویش بە بەناوکردنی هەرچی شتی گرانبەهایە لە زەوی و خانوو، یا دوکان یا شتی تر ، باوکم سەرەتا نەچووە ژێر باری ئەو تەماحانەیەوە، بەڵام ئیتر نازانم چی بوو، لە ئێمەی سوڕاندەوە و تووشمان بە تووشی باوکمان، ئەوە بوو هەموو بەیانییەك کە باوکم دەچوو دەرەوە لێمانی هاندەدا و بە گژمانی دا دەکرد.

ئێوارەش کە دەهاتەوە، دیسان دەیکرد بە گژمانا. هەموو جارێ دەمانگووت نەفرەت لەو کەسە بێ کە ئەو هەوێیەی بۆ هێناین و تووشی دەردەسەری ئەو ژنەی کردین.

ژنە خۆی زۆر جار بە ئاشکرا دەیگووت، باوکتان شتێکی لێبێت، یا بمرێت من بێکەس و بێ جێگەورێ دەمێنمەوە و ئێوەش دەرم دەکەن، راستییەکەش قەت شتی وا لە خەیاڵماندا نەبوو، بەڵام بڕیارماندا بوو من و هەردوو خوشکەکەی ترم بەڕاستی وای لێبکەین و واشی دەربیکەین ببڕای بڕای نەیەتەوە ئێرە.

ئیتر من و خوشکەکانم خۆمان ڕێکخست و پێشتر براکانیشمان دەیانزانی ئەو ژنە چ غەدرێکمان لێدەکات.

ناکۆکی ئێمە و ئەو تەواو پەرەی سەند و چەند جارێك باوکمان هەرەشەی دەرکردنی لێکردین و چەند جارێکیش هەڕەشەی بەناوکردنی هەموو شتێك هەرچی سامان و دارایی هەیە بۆ ئەو ژنە لێکردین. ئیتر کە مەسەلەکەمان لە براکانمان گەیاند هەردووکیان بەشێوەیەکی کاتی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە هاتنەوە و هەفتەیەك خەریکی تاوتوێکردنی ئەو باسە بوون. سوودی نەبوو، لەگەڵ زڕدایکەکەمان هەوڵیاندا، سوودی نەبوو. ئێوارەیەك هەموو پێکەوە دانیشتین و براکانمان لەگەڵ باوکمان ڕووبەڕوو قسەیان کرد. (هۆزان) کە برا گەورەمان بوو رووی قسەی لە باوکم کرد و پێیگووت: باوکە ئەمانە منداڵی خۆتن جەرگتن، ئاخر ڕەوا نییە بەقسەی ئەو ژنە ئەو کارەیان پێدەکەی و هەموو ڕۆژێ دەریان دەدەیتێ. بۆچی هەڕەشەی دەرکردن و بێبەشکردن لە میرات و ماڵیان لێ دەکەن؟

ئەو ژنە هەمووی چەند مانگێکە هاتووە، بەڵام ئەوانە چەندین ساڵە خزمەتت دەکەن، هیچ نەبێ تا دەچنە ڕێی خۆیان ئارام با بن و مەسەلەی ماڵیش لێگەڕێ بۆ کات و شوێنی خۆی و دەستکاری شتێك مەکە کە دواتر پەشیمانی لە دوا بێت... بەڵام باوکم پێش ئەوەی بە وەڵام بێت ژنەکەی قسەی کرد و گوتی: ئەم ماڵە ئیتر ماڵی منە و باوکیشتان چاك دەزانێ، ئێوە لە ئەورووپان، بەیانی خوشکەکانتان شوو دەکەن و دەڕۆن، کێ دەمێنێتەوە لە من زیاتر؟ کێ لە ئێوە خزمەتی باوکتان دەکات لە من زیاتر، ئێوە یان ژنەکانتان، خوشکەکانتان یان مێردەکانیان؟ بێگومان لە خۆم زیاتر کەسی تری نییە، ئەی باشە من ژنی حەلاڵی باوکتان نیم، من زڕدایکی ئێوە نیم؟ بۆچی بۆم نەبێ پشکێکم لەم ماڵە بەرکەوێت؟ ئەگەر بەیانی خوانەخواستە باوکتان مرد، من چی لێدەکەن؟ بێگومان دەرم دەکەن و تێمهەڵدەدەن و لەهەموو شتێك بێبەشم دەکەن... زۆر قسەی دەکرد ، چەندیش براکانم پێیان گوت تۆ بەشێوەیەکی ناڕاست و هەڵە بیردەکەیتەوە، ئێمە وانین و تۆش زۆر پێشوەختە بیر دەکەیەوە، بەڵام ئەو بڕیاری دابوو، تەنها لەسەر قسەی خۆی بێت و بەس، مشتومڕ درێژەی کێشا و باوکمان ئێمەی دەرکرد، کچەکانی دەرکرد و ئێمە بەناچاری چەند ڕۆژێك لای خوشکە گەورەکەم ماینەوە. مەیدان تەنها بۆ زڕدایکەکەمان مایەوە چەند جارێك هەوڵماندا باوکم سار بکەینەوە، لەو نوختەوە (هۆزان) دەڵێت: نەخێر بڕیاری خۆی دابوو کچە جاحێڵەکانی خۆی بۆ خاتری رازی کردنی ژنەکەی بەیەکجاری دەربکات... من بڕیارم دا بگەڕێمەوە ئەورووپا بۆ ئەوەی مۆڵەتێکی یەك مانگی وەربگرم تا ئەو کێشەیە بەیەکجاری بنبڕدەکەین، چەند ڕۆژێکم پێ چوو، کارەکانم ڕێکخست دووبارە هاتمەوە وڵات بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە بەلایەك دا بشکێنین چارەنووسی خوشکەکانیشم بزانم، دووبارە دەستمان کردەوە بە مشتومڕ لەگەڵ باوکمان کە نابێ شتی وابکات ئەو کچە جاحێڵانە وەها پەڕاگەندە بکات. من و زاواکەم و باوکی و مامەکانم لەگەڵ خۆم برد، هەر لەوێ لەکاتی قسەکردن و باس و خواسدا بۆمان دەرکەوت کە ئەو خانووەی باوکم تیایدایە و ٧٠٠ مەترە بەناوی ژنەکەی کردووە... خەریکی مامەڵەکردنیش بوو بۆ ئەوەی ئەوانی تریشی بەناو بکات، ئیتر مەسەلەکە تەقیەوە، بووە هەرایەك ئەوسەری دیار نەبێت، باوکم پڕی دایە من لێم بدات بەڕاستیش لێی دام، خوشکەکانیشم لەتاوان پڕیان دایە زڕدایکەکەمان و بووە شەڕە و شەڕە چەپەڵۆك و لێکدان، لەو بەزم و هەرایە بوو، کە زڕ دایکەکەم هاواری لێهەڵساو و قیژاندی و گوتی: ئای سنگم، ئای ژان کوشتمی، عارەقەیەکی ساردی کرد و چاوی سپی هەڵگەڕاو ڕشایەوە، هەر ئەو ڕشانەوەیە بوو، یەکسەر کەوت بە زەویدا، بەهۆی مامەکانم و خزمەکانی ترەوە توانرا هەرایەکە بەو هۆیەوە کپ بکرێتەوە و ژنە بگەیەندرێتە نەخۆشخانە، بەڵام لە نەخۆشخانە کە پشکنینیان بۆ کرد گوتیان دەمێکە مردووە، لەگەڵ ئەو قسەیە باوکیشم لەهۆش خۆی چوو، لەگەڵ بەربوونەوەکەی سەری بە پارچە ئاسنێکی قەرەوێڵەی نەخۆشخانەکە کەوت، ئەوەی کە زڕدایکەکەمان لەسەر درێژکردبوو، ئاسنەکە چوو بووە ناو سەری و کەللە سەری تەقاندبوو، چەند ڕۆژێك لە ژێر چاودێری پزیشکی مایەوە و دواتر ئەویش مرد، بەمشێوەیە ژنە سەری خۆی و باوکیشمی خوارد و کێشەیەکی گەورەی میراتیشی بەجێ هێشت کە بەناوبوونی خانووەکەی باوکم بوو، ئەوەش هەمووی بەهۆی ماڵی دنیابوو.

**ناکۆکی ئێمە تەواو پەرەیسەند، چەند جارێك باوکمان هەرەشەی دەرکردنی لێکردین و چەند جارێکیش هەرەشەی بەناوکردنی تەواوی سەروەت و سامانەکەی بەناوی ئەو ژنەوە لێکردین**

# بۆچی هەندێ کەس زیاتر لە سیمکارتێکیان هەیە؟



***هەندێ کەس زیاتر لە سـیمکارتێکیان هەیە و بۆ مەبەستی جیاجیا بەکاری دێنن، هەندێکیان ئەوانەن کە خۆشەویسـتیان هەیە و ژمارەیەکیان تایبەت کردووە بە خۆشەویستەکەیان، یان جۆری کارەکەیان وا دەخوازێت زیاتر لە سیمکارتێکیان هەبێت، یان بۆ هەرمەبەستێکی تر، ئێمە لێرەدا هەندێ کەس دەدوێنین کـە زیاتر لە ژمارەیەکی مۆبایلیان هەیە بۆ ئەوەی بزانین هۆکاری بوونی زیاتر لە سیمکارتێك چییە، هەروەها رای چەند کەسـێکیش وەردەگرین کە تەنها یەك سـیمکارتیان هەیە و لێیان دەپرسین:چۆن دەڕواننە ئەوانەی زیاتر لە سیمکارتێکیان هەیە؟***

## کوڕێک ٦ سیمکارتی هەیە

(هێرش) شەش سـیمکارتی هەیە، دەربارەی هۆکاری ئەوەی ئایا بۆچی شەش سیمکارتی هەیـە، دەڵێت"یەکێکیان تایبەتـە بە ماڵەوە، سـیمکارتێکی تـر تەنیا بـۆ هاوڕێکانم لە زانکۆ، دوو سـیمکارتی تریش بۆ قسەکردن لەگەڵ خۆشەویستەکەم، دوو ژمارەی تریشم هەن کە تا ئێستا بەکارم نەهێناوە" ئەو بوونی ئەو هەموو سیمکارتە بە کارێکی باش دەزانێت لەبەرئەوەی هەریەکەیان بۆ کارێکی تایبەتی بەکاردێنێت، جگە لەوەش پێی وابوو، ناکرێت تەنیـا یەك ژمارەی مۆبایلـی هەبێت لەبەر ئەوەی زۆر قسـە لەگەڵ خۆشەویستەکەی دەکات و دواتر ئەگەر پەیوەندی بۆ بێت بێزار دەبێت.

## سیمکارتێک بۆ خۆم و یەکیش بۆ خۆشەویستەکەم

(شـلێر) کە کچە قوتابییەکی زانکۆیە و دوو سیمکارتی هەیە، دەڵێت"دوو سیمکارتم هەیە، یەکێکیان بۆ ماڵـەوە و هاوڕێکانم واتە لای زۆربەی ئەو کەسانەیە کە ئاشنایەتیم لەگەڵیان هەیە و ژمارەکانیان دەزانم، ئەوەی تر تایبەتە بە خۆشەویستەکەم و شەوانە زۆر قسە دەکەین بەیەکەوە، بۆیە وابزانم بوونی دوو سـیمکارت بـۆ من کارێکە لەجێی خۆیدایە". (بەهرە)ش پێشتر چوار سـیمکارتی هەبوو، بەڵام ئێستا تەنها دوو سـیمکارتی هەیـە، ئەو بەم جۆرە قسـەی کرد" تا ماوەیەك پێش ئێسـتا چوار سیمکارتم هەبوو، زۆر قسەم لەگەڵ هاوڕێکانم دەکرد، بەڵام دواتر بیرم کردەوە کە پێویسـت نییە چوار ژمارەم هەبێت، بۆیە ئێسـتا تەنها دوو ژمارەم هەیە، ئەویش بۆ کاری ئاسـایی خۆمی بەکاریاندێنم" بەهرە ئەوەشـی گوت، کە بەنیازە تەنیا یەك ژمارە بۆخۆی بهێڵێتەوە و پێی وایە بەو شـێوەیە باشترە. "سێ ژمارەم هەیە، یەکێکیان تایبەتە بە خۆشەویسـتەکەم، یەکێکی تر هاوڕێ نزیکەکانم، ئەوەی تر تەنها ئەو کاتە بەکاریدێنم کە ئەوانی تر سـەنتیان تێدا نەبێت یان کەسـێك وەڵامی ژمارەکانی ترم نەداتەوە بەو ژمارەیە پەیوەندی پێوەدەکەم" ئەمە رای (سەرباز) بوو، ئەو بەردەوام بوو لە قسـەکانی" هیچ کاتێك بۆ مەبەستی خراپ بەکارم نەهێناوە و پێم شتێکی زۆر ئاساییە کە زیاتر لەسیمکارتێکم هەیە لەبەر ئەوەی هیچ زیانی نییە و بۆ خۆم وەهام پێ باشترە".

## پێنج سیمکارتی هەیە و یەکێکیان کراوەیە

(هیوا) گەنجێکی ترە کە زیاتر لە ژمارەیەکی مۆبایلی هەیە، دەڵێت"حەزدەکەم زۆر ژمارەم هەبێت، ئێسـتا پێنج ژمارەم هەیە بەڵام تەنها یەکیان کراوەیە و ئەوانی تر داخراون، هەندێ جار پێم خۆشە کەس تەلەفۆنم بۆ نەکات ئەو کاتە ئەو ژمارەیە لەسەر هاندەکەم دادەنێم کە کەس نایزانێـت ئەو کات ئەگەر خۆم کارێکم هەبـوو ئـەوا تەلەفۆن دەکەم، بـەڵام هیچ تەلەفۆنم بۆ نایەت". ویسـتمان ڕای چەند کەسـێك وەربگرین کە تەنها یەك سیمکارتیان هەیە، لەسـەرەتادا (دەشتی) گوتی" بوونی زیاتـر لە سـیمکارتێك بە سروشـتی نازانم لەبـەر ئەوەی دەتوانرێت بە یەك سـیمکارت هەموو کارەکان ئەنجـام بدرێت. بە رای من ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشـتی کەسەکە، هەیە حـەز دەکات زۆر ژمـارەی مۆبایلی هەبێـت، هەیە بۆ خۆ گـەورە کردن زیاتر لە ژمارەیەکی هەیە، بۆیـە وای دەبینم بوونی چەند سیمکارتێك هیچ مانایەکی نییە، تەنیا لەهەندێ کاتـی تایبەت دا نەبێت ئەویش بە پێی بەرنامە و بەرپرسـیاریەتی، بەشێوەیەکی گشـتی بوونی یەك سیمکارتم پێ باشترە لە چەند سیمکارتێك.

## کەپڵەکان زیاتر لە سیمکارتێکیان هەیە

(شـارا) یەك سـیمکارتی هەیە و پێی وایە پێویسـت ناکات زیاتری هەبێت، سـەبارەت بەوانەش کە زیاتر لە سـیمکارتێکیان هەیە، دەڵێت" زۆر ئاسـاییە ئەوانەی کەپڵیان هەیە یان ئیشـوکاریان زۆرە چەند سیمکارتێکیان هەبێت، کچێکی تر بە ناوی (شـەهێن) بەم شـێوەیە رای خۆی دەربڕی" من تەنها یەك سـیمکارتم هەیە و پێویستم بەوە نییە زیاترم هەبێت، بوونی چەند سـیمکارتێك لای یەك کەس بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێنمەوە، هەیە بۆ قسـەکردن لەگەڵ کەپڵەکـەی، هەیە بۆ شانازی بە خۆکردن چەند سیمکارتێکی هەیە، هەشە بۆ کاری ناشیاو بەکاری دێنێت، هەشە سروشـتی کارەکەی وا دەخوازێت، بەڵام وەك ڕای خۆم ئەمە بە کارێکی جوان و شارستانی نازانم". هەر دەربارەی ئـەم بابەتە (دیاری) گوتی" هەموو کەسـێك ئازادە لەوەی چەند سیمکارتی هەیە، ئەگەر بۆ مەبەستی خراپ بەکاری نەهێنێت من پێم زۆر ئاسـاییە، خۆم تەنها یەك سیمکارتم هەیە و پێویستم بەوە نییە سیمکارتی ترم هەبێت، بەڵام بۆ هەندێ کەس بوونی چەند سیمکارتێك کارێکی پێویستە".

**کوڕێک: بوونی چەند سیمکارتێک چەند مانایەکی هەیە و شتێکی ناسروشتییە**

ئامادەکردنی: هێمن قەسرەیی
hemntoni@yahoo.com